# حوكمی خواردنی گۆشتی سەربڕاوی دەستی ئافرەت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ صاڵح الفۆزان


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم ذبيحة المرأة ﴾

« باللغة الكردية »

الشيخ صالح بن فوزان الفوزان

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی خواردنی گۆشتی سەربڕاوی دەستی ئافرەت

**پرسیار :** ئایا دروستە بۆ ئافرەت ئاژەڵ سەرببڕێت، یان ئەم كارە تایبەتە بە پیاوانەوە ؟

**وەڵام :** هیچ شتێكی تێدا نییە كە ئافرەت ئاژەڵ سەرببڕێت، وجیاوازیش نییە لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا لەم مەسئەلەیەدا وهەردوولایان یەكسانن، چونكە ئافرەتێك لەسەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دا مەڕی دەلەوەڕاند، لەپڕ گورگ كەوتە ناو ڕانە مەڕەكەیەوە ودانەیەكیان دەم پێگەیاند وبریندار كردن، ئافرەتەكەش بەپەلە مەڕەكەی سەربڕی كە هێشتا گیانی تێدا مابوو، پاشان پرسیاری كرد لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەبارەی گۆشتەكەیەوە ئایا حەڵاڵە، ئەوە بوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یش ڕێگایدا كە گۆشتەكەی بخۆن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سەربڕینی ئاژەڵ لەلایەن ئافرەتەوە هیچ شتێكی تێدا نییە وسەربڕینی ئەوان وەك سەربڕینی پیاوان وایە، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ ﴾ {المائدة : 3} واتە گۆشتی ئاژەڵ حەرامە بخورێت جگە لەوە نەبێت كە سەری دەبڕن، ئەم حوكمە شمولی موسڵمان دەكات جا ئەگەر ئەو كەسە نێر بێت یان مێ، وە شمولی ئەهلی كتاب دەكات ژن بێت یان پیاو، ئەویش بەبەڵگەی ئەم ئایەتەی تر كە باس لەوە دەكات خواردنی ئەهلی كتاب حەڵاڵە بۆ موسڵمانان و خواردنی موسڵمانیش بۆ ئەوان حەڵاڵە، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ ﴾ {المائدة : 5} واتە : خواردنی ئەهلی كتاب (جولەكە وگاورەكان) بۆ ئێوە حەڵاڵە، خواردنیش لێرەدا وەك زانایان ووتویانە، مەبەست پێی سەربڕاوی دەستی ئەوانە، جا ئەو سەربڕاوە ئافرەتێكی ئەوان یان پیاوایێكیان سەری ببڕێت هیچ جیاوازی تێدا نییە وحەڵاڵە لێی بخورێت بەڵام بەو مەرجەی بە ڕێگایەكی

شەرعیانە سەربیڕێت، هەروەها ئەگەر موسڵمانیکی پیاو یان ئافرەتیش سەری بڕی بەهەمان شێوە بۆ خۆیان بۆ ئەوانیش جەڵاڵە ودروستە بخورێت ..

خوای گەورە زاناترە.